# "ئەوەی بەلاشە، لە بایخدا نەباشە "!



ڕۆژانە دوو ملیارد ونیو فەیسبووک ونزیک دوو ملیارد (ئینستا گرام، تویتر،واتسئاپ، تێلگرام و ئەپەکانی تر ) و زۆرتر لەوە ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و کەمتر گۆڤار و ڕۆژنامە و فرە کەمتر کتێب بۆ وەرگرتنی زانیاری بەکار دەهێنن. جگە لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە ئەوانی تر هەموو بەلاشە .

وتەیەکی ئاڵمانی دەبێژێ " ئەوەی بەلاشە، لە بایخدا نەباشە!" ئەم وتەیە زۆرینەی ئەو بەناو "زانیارییانە" دەگرێتەوە کە شەو و ڕۆژ بەلاش بڵاو دەکرێنەوە و مرۆڤ لە ئاستێکی بەرتەسکدا دەهێڵنەوە.

تازەترین ئامار ئەوەیە کە شەش ملیۆن لە ژمارەی کتێبخوانەکانی ئاڵمان کەم بۆتەوە. ژمارەی ئەو کەسانەی بە دەگمەن کتێب دەخوێنەوە، گەیوەتە نزیک بیست و هەشت ملیۆن، ئەوانەی ڕۆژانە کتێب دەخوێنەوە، ژمارەیان گەیشتۆتە نۆ ملیۆن، ژمارەی ئەوانەی چەند جارێک لە هەفتەدا کتێب دەخوێنەوە گەیوەتە سێزدە ملیۆن.

گەر ئەوە وەزعی ئاڵمانی ٨٢ ملیۆن کەسی بێت کە لە هەموو ئورووپا پێشڕەوی خوێندنەوە بوو، وەزعی جیهان و بە تایبەت وەزعی میللەتانی وەک کورد، دەبێ چۆن بێ؟

ڕاستی ئەوەیە کە مرۆڤ بەردەوام بەرەو ڕووکەشی تێگەیشتن و خێرا گوتن دەکێشرێ، هەتا جەماوەر ڕووکەشی تر و سەرگەرمتر بن، بیرکردنەوە بەرەو کزی دەچێ و ئەمەش هەم سوودی بۆ دەزگاکانی سیاسی و حکوومەتی هەیە، هەم بۆ سەرجەم کۆنسێرنەکانی جیهان .

هەتا ژمارەی چاپی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و مێدیای هاوچەشن کەمتر بێتەوە و نرخی ئەوانە هەڵکشێ، بیرکردنەوە لە نیازێکی ڕۆژانەوە دەبێتە کاڵایەکی لووکس کە هەموو کەس دەستی نایگاتێ. ئەمەش مرۆڤ بەرەو کارەسات دەکێشێ .

لە ناو ئێمەی کوردیشدا ئەم پرۆسەیە زۆر بەخێرایی لە ئارادایە و مەیدانی سیاسەت، فەرهەنگ، هونەر و...ڕۆژ بەڕۆژ لە بیرکردنەوە دەسڕدرێتەوە، هەرچەند ژمارەی بیرمەند لە ناو کورد زیادی کردووە، کە نە یەکگرتوون و نە لە حاند خێڵی ڕووکەشئاکار و ڕووکەشوتار و ڕووکەش تێگەیشتن کە مەیدانیان داگیرکردووە، دەرفەت پەیدا دەکەن .

ڕاپەڕینی ژینا کە پڕ لە فەداکاریی و دەنگی نوێ و هێز و وزەی نوێ بوو، هەر دوو لایەنی زۆرینە و کەمینەی وڵاتی ئێمەی خستە ڕوو، ئەوانەی خاوەن بیر و تێگەیشتن و زانیاریی پڕبایخ و خاون ڕێگا بوون و ئەوانەی خێڵی زۆرینە ڕووکەشی بێ بەرنامە و ڕێگا.

داهاتووی کۆمەڵگای ئێمە گرێدراوی ئەم کەمینە و زۆرینەیە. کورد گەر هیوای ئازادی لە سەردابێ، ڕوو دەکاتە سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیاری و خاون زانیاری و خاوەن بەرنامە و ستراتێژی!

برایم فەڕشی

٢٠٢٣/٢/٣